گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

Vol.28 Issue S.Con 2024
ID No. 3110 (PP 35-44)
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.S.Con.4

توێژینەوە

# ڕایەڵی هاوبەش و خاڵی جیاکەرەوەی وێنەی ژن لە ئەفسانەی گەلانی دونیادا لەڕێی ئەفسانە وەرگێڕدراوەکانی عەزیز گەردییەوە

**صديق اورحمان علی/** وەزارەتی پەروەردە – هەرێمی کوردستان

**ناز احمد سعيد /** وەزارەتی پەروەردە – هەرێمی کوردستان

**ثريا احمد عبدالله/** وەزارەتی پەروەردە – هەرێمی کوردستان

## پوختە

ئەفسانە، کەلەسەردەمە سەرەتاییەکانی ژیانی مرۆڤەوە سەریهەڵداوە،بەرهەمی هەنگاوە یەکەمینەکانی بیرکردنەوەی مرۆڤە، هەر بۆیە وەك میراتێکی بیری مرۆڤایەتی لێی دەڕوانرێت.

ئەفسانە هەوڵێکی مرۆڤە بۆ ئەوەی خۆی بناسێت ولە دیاردەکانی دەوروبەری تێبگات،شرۆڤە و لێکدانەوەیان بۆبکات.ئەفسانەکانی گەلان بە گشتی هەڵگری ئەندێشە و باوەڕ، ئاوات و ئارەزوو، ترس و خورافە و باوەڕی ئایینی ڕابردوان .

یەكێك لەو دەلاقانەی، کە ئێمە لێیەوە بە ئەفسانەی گەلانی دونیا ئاشنا دەبین، بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانی خوالێخۆشبوو عەزیزگەردییە،کەچەندین ئەفسانەی گەلانی دونیای بۆ وەرگێڕاوینەتە سەرزمانی شیرینی کوردی.

ئێمەش لەڕێی بەرهەمەوەرگێڕاوەکانی مامۆستاعەزیز گەردییەوە هەوڵ ئەوەمانداوە کە بەراوردێك بکەین لە نێوان ئەفسانەی ئەفریقی، ئەڵمانی، تورکیایی و ژاپۆنی، وێنە و کاراکتەری (ژن)مان وەك نموونە وەرگرتووە.

لەم توێژینەوەیەدا دەمانەوێت وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە ئایا لای هەموو گەلانی دونیا وەك یەك كاراكتەری ژن لە ئەفسانەكاندا وێنا کراون، یان جیاوازییان هەیە، ئایا بونیادی هونەری ئەفسانەکان وەك یەکن یان جیاوازن.

لە توێژینەوەکەدا بەدوای ڕایەڵە هاوبەشەکان لە نێوان ئەفسانەی ئەو گەلانەی ئاماژەمان پێکرد دەگەڕێین. هەروەها خاڵی جیاواز وجیاکەرەوەشیان دەستنیشان دەکەین. لەکۆتاییشدا ئەنجامی بەدەستهاتوو دەخەینە ڕوو.

CORRESPONDENCE
صديق اورحمان علی
sdiq.ali@univsul.edu.iq

پەسندکردن 2024/10/16
بڵاوکردنەوە 2024/11/15

وشە سەرەکییەکان:
ئەفسانەی گەلان،
عەزیز گەردی،
کاراکتەری ژن،
ڕایەڵی هاوبەش وخاڵی جیاواز.

**About the Journal**
ZANCO Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields.
https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**پێشەکی :**

لەناو بەشەکانی فۆلکۆردا یەکێك لە بەشە گرنگ و سەرەتاییەکان ئەفسانەیە، کە بەرهەمی سەرەتایی بیرکردنەوەی مرۆڤە، ئەمەش گەنجینەیەکی گرنگ و پڕ بەهای مرۆڤایەتییە، کە لێیەوە ئاشنای بیرکردنەوەکان، دید و تێڕوانینەکانی دەبین. یەکێك لەو پایە گرنگانەی کە لەناو ئەفسانەکاندا ڕۆڵیان بینییەوە. یان ڕۆڵیان پێدراوە. ژنانن، کە ئێمە مەبەستمان بووە.

لەم توێژینەوەیدا وێنەی کاراکتەری ژنمان وەك چەقی توێژینەوەکەمان وەرگرتووە لێرەوە دەمانەوێت ڕایەڵی هاوبەش و خاڵی جیاکەرەوەی ئەم کاراکتەرە لەنێو ئەفسانەی گەلانی دونیا بخەینە بەرباس و باری سەرنجمان بۆ ئەمەش لەڕێگای ئەفسانە وەرگێڕدراوەکانی خوالێخۆشبوو عەزیز گەردییەوە کارەکەمان ئەنجامداوە.

گرفتی توێژینەوەکە: لەم توێژینەوەیەدا دەمانەوێت وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە، ئایا تا چەندێك لە ڕێگای ئەفسانە وەرگێڕدراوەکانەوە دەتوانین ئاشنای بیری گەلانی دونیا ببین؟ ئایا لەکاتێکدا هەموو ئەفسانەکان بەرهەمی بیری سەرەتایی مرۆڤەکانن، بەڵام ئەو جیاوازییە چییە؟ کە لەتێڕوانینی گەلانی دونیادا هەیە بەتایبەتی لەبارەی ژنان و چۆن لە ئەفسانەکاندا ڕۆڵیان پێداوە و کەسایەتییان بەرجەستە کردووە.

بایەخی توێژینەوەکە: بایەخی ئەم توێژینەوەیەش لە وەدایە، کە دەکرێت لەڕێگای وەرگێڕدراوەکانی مامۆستا عەزیز گەردییەوە ئاشنای ئەفسانەکانی گەلانی دونیا ببین و لەونێوەندەدا دونیابینی و دید و شێوەی بیرکردنەوەی ئەوگەلانە بزانین، هاوکات وێنەی ژن وەك ئەوەی بەرجەستە کراوە لەنێو ئەفسانەکاندا بخەینە بەر باری سەرنجمان و ڕایەڵی هاوبەش و خاڵی جیاکەرەوەی نێوان هەریەك لەو ئەفسانانە لەمەڕ ژنان بخەینە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

سنوری لێکۆڵینەوەکە: سنوری توێژینەوەکەمان کارکردن بووە لەسەر ئەفسانە وەرگێڕدراوەکانی خوالێخۆشبوو عەزیز گەردی بەتایبەتی ئەفسانە وەرگێڕدراوەکانی ئەفریقی، ئەڵمانی، تورکیایی و ژاپۆنی، کە بەکتێبی جیاجیا وەریگێڕاون.

مێتۆدی لێکۆڵینەکە: توێژینەوەکەمان بە ڕێبازی شیکاری وەسفی ئەنجامداوە و کارمان لەسەر ئەفسانە وەرگێڕدراوەکانی خوالێخۆشبوو عەزیز گەردی کردووە.

پەیکەری لێکۆڵینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە، جگە لە پێشەکی لە دووبەشی سەرەکی پێکهاتووە، لەبەشی یەکەمدا باسمان لە چەمکی ئەفسانە، مێژوو و گرنگی، ئەرك و بنەماکانی دروستبوونی ئەفسانە کردووە. بەشی دووەمیش لە دوو تەوەردا کارمان لەسەر ئەفسانە وەرگێڕدراوەکان کردووە. تەوەری یەکەم لەسەر دەستپێك و بونیادی ئەفسانەکان وەستاوین و لە تەوەری دووەمیشدا وێنەی کاراکتەری ژنمان وەرگرتووە و ئەو ڕۆڵەی پێیدراوە لەناو ئەفسانەکاندا خستوومانەتە بەر باری سەرنج و لێکۆڵینەوەمان. دواتریش ئەو ئەنجامانەی بەدەستهاتوون داناون، لەگەڵ پوختەی توێژینەوەکە بەزمانی عەرەبی و ئینگلیزی، سەرچاوە بەکارهاتووەکان ڕیزکراون.

## 1-ئەفسانە، مێژوو و گرنگی، ئەرك و بنەماکانی دروستبوونی

ئەفسانە هەوڵی مرۆڤی سەرەتاییە بۆ لێکدانەوە و درککردن بەلایەنە نادیارەکانی گەردوون یان لێکدانەوەی مرۆڤە بۆ دیاردەکانی سروشت و دەوروبەری وەك ئەوەی، کە خۆی لێی تێگەیشتووە و شیکاری بۆ ڕووداوەکان کردووە. یاخود "ئەفسانە ... زادەی ئارەزوویەکی مرۆڤ بووە بۆ پەیبردن و ئاشکراکردنی نهێنییەکانی گەردوون و پیشاندانی مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی بەهێزی کاریگەر و لێهاتوو لە لێکدانەوەی دیاردەکاندا" (کەریم، 2012، 216). ئەم چەشنەی ئەدەب دەچێتە ژێر چەتری ئەدەبی زارەکییەوە. ئەدەبی زارەکی " لەڕووی زەمەنییەوە زۆر کۆنە و دەکەوێتە پێش ئەدەبی نووسراوەوە. ئەدەبی زارەکی لەگەڵ هەست و نەستی کۆمەڵگادا ئاوێتەیە و بەشێوەیەکی خۆڕسك لە نەستی نا بەئاگای نەتەوە و دواتر جیهاندا هەبوونی خۆی دەچەسپێنێ و چێژی هەرمان دەداتە گێڕانەوەکانی مرۆڤی هەموو سەردەمان" (چاك، 1398هـ، 20). سەبارەت بە ئەدەبی زارەکی ئەڵمانییەکان وەك ئەدەبێکی باڵا سەیری دەکەن و بروایان وایە "فۆلکلۆر دەسکردی کەسانی بەرز و خاوەن پێگەیە و ئەگەر فۆلکلۆری ئەوان فۆلکلۆرێکی بەهێزە، هۆکارەکەی ئەوەیە کە ئەوان نەتەوەیەکی بەرز و بەڕێزن. تەنانەت کەسێکی وەك (هانس نۆمان) وەکو تیۆرسەنی سەرەکی ئەم باسە پێی وابوو سەرەتا لەناو چینی سەرەوەی کۆمەڵگا هاتۆتە ئافراندن و دواتر خراوەتە چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگا" (چاك، 1398هـ، 23). یەکێك لە بەشە دەوڵەمەندەکانی ئەدەبی فۆلکلۆر ئەفسانەیە، کە بەشێکی گرنگ و گەورەی لێ پێکدەهێنێت.

ئەفسانە وا پێناسە دەکرێت، کە " ئەو چیرۆکەیە دانەرەکەی دیارنییە لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا دەگێڕدرێتەوە و کەسێتی ئەفسانەیی بەهۆی ئامێر و کەرەستەی ئەفسانەیی لە کات و شوێنی ئەفسانەییدا کاری ئەفسانەیی دەکەن" (حسن، 2020، 63).

مێژووی دروستبوونی ئەفسانە:

ئەفسانە بابەتێکی زۆر دێرینە "پێش دامەزراندنی شارستانییەت لە نێو کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا سەریهەڵداوە هەر بەرەباب و هۆزێك بەپێی هزر و زانیاری و بیروبۆچوونی خۆیان ژیانێکی پڕ لە خۆشی و شادییان بۆ خۆیان هۆنیوەتەوە و بیریان لە بوونی گەردوون و ژیان و مردن و ڕووداوە نادیارەکانی دەوروبەری خۆیان کردۆتەوە" (بێخاڵی، 2013، 41). واتە لەو کاتەوە کە بیری کردۆتەوە ژیریی بەکارهێناوە. بیری لە دروستبوونی ئاسمان و زەوی ژیان و مردن دەریا و وشکانی ... هتد کردۆتەوە و سەرەنجام ئەفسانەی بەرهەم هێناوە. بۆیە لەڕووی مێژووی پەیدابوونییەوە "سەرهەڵدانی ئەفسانە دەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانی مرۆڤی ئاوەزمەند، ئەفسانە هەوڵدانی مرۆڤە بۆ شرۆڤەکردن و لێکدانەوەی جیهانی دەوروبەری خۆی" (لوقمانی 2020، 7).

پەیوەست کردنەوەی ئەفسانە بەوکاتەوەی کە مرۆڤ بیری کردۆتەوە. دەکرێت بەخاڵێکی ئەرێنی و دەستکەوتێکی گرنگی مرۆڤایەتی دابنرێت بەو پێیەی بەرهەمی بیرکردنەوەکانییەتی، چونکە "ئەفسانە... بەردەوام لەگەڵ مرۆڤ و بیرکردنەوەکانیدابوو، هەرئەمەشە هۆی ئەوەی ئەفسانە خزاوەتە نێو زۆربەی بەرهەمە بیرکردنەوەییەکان و بەرهەمە دەستکردەکانی مرۆڤەوە. یەکێك لەبەرهەمە گرنگ و بەرچاوەکانی مرۆڤ داهێنانی (زمان)ە واتە قسەکردن، کە دەکرێ بەیەکەمین داهێنان و شۆڕش و خۆجیاکردنەوەی مرۆڤ لە زیندەوەرەکانی دیکی بزانین" (حەسەن، 2020، 55) هەروەها ئەفسانە وەك هەوڵێکی مرۆڤ بۆ دۆزینەوەی ڕاستییەکان و هێنانەدی ئاواتەکانیان باسی لێوەدەکرێت بەو پێیەی "سەرجەمی ئەفسانە و ڕاز، لە ڕاستیدا خولیاو باوەڕی ئەو مرۆڤانەیە، کە بەردەوام دیلی نهێنی و ڕاستییەکانی دەرەوەی خۆیانن مرۆڤی سەرەتایی ویستوویانە لە جیهانی ئەفسانەدا بەشوێن ڕاستییەکانی ژیاندا بگەڕێن و خولیاو ئاواتەکانی خۆیان مسۆگەربکەن. هەرکات لە بەندی ئەم ئەفسانانە دەربازبووبێتن، چیتر نیازیان بەدروستکردنی ئەفسانە نەماوە" (لوقمانی 2020، 9)

هەرچی پەیوەندی نێوان ئەفسانە و مێژووە ئەوەش بابەتێکی جێی سەرنج و گفتوگۆیە، "ئەفسانە و مێژوو هەردووکیان دوو بەرهەمی فەرهەنگین، کە لە هەمان مەیل و ئاڕاستە دروستدەبن، هەروەها هەردووکیان ئامرازێکن بۆ ئەوەی مرۆڤ خۆی بناسێت و درك بەبوونی خۆی بکات:" (عەباس، 2021، 27) هەر ئەو حەز و خولیایەی مرۆڤ بۆ زانینی بنەچە و بنەڕەت، کە هانی دەدات گرنگی و بایەخ به مێژوو بدات ، هەمان هۆکار وای لە مرۆڤ کردووە بە تامەزرۆوە گوێ بۆ ئەفسانەکان بگرێت، چونکە دەبێت چەند پێوەرێك هەبێت بۆ جیاکردنەوەیان، لەم ڕووەوە "زانایان دەریان خستووە، کە ڕووداوی مێژوویی لە دووسەد ساڵ زیاتر لە یادەوەریدا ناپارێزرێت، کەچی کەسایەتی نێو ئەفسانەکان و کردارە ئەفسانەییەکان، لە یاد ناچن، ئەمەش شتێکی سروشتییە، چونکە ئەفسانە نمایندەی بەها باڵاکان دەکات" (عەباس، 2021، 15) دوای ئەمە گرفتێك دێتە ئاراوە کە جیاکردنەوەی سنوری نێوانیانە، واتە وەك (کلۆد لیڤی شتراوس) دەڵێت: "گرفتەکە ئەمەیە: لەکوێدا ئەفسانە کۆتایی دێت و لە کوێدا مێژوو دەست پێدەکات؟" (شتراوس، 2020، 74). ئێمە لەم ڕووە بڕوامان وایە بەردەوام ئەم تێکەڵی بەناو یەکداچوونە ڕوودەدات لەلایەك ئەفسانەکان وەك بەشێك لەڕووداوە ڕاستەقینە و مێژووییەکان دەنووسرێنەوە و هەوڵی بەرجەستەکردن و بە واقیعی کردنیان دەدرێت. لەلایەکی دیکەوە بەشێك لە ڕووداو و کاراکتەرکانی مێژوو مۆرکێکی ئەفسانەیی و سەروو واقیعییان پێدەدرێت و لە مرۆڤی ئاسایی و ڕووداوی ئاسایی بەدەر دەکرێن و وەك ئەفسانە وێنا دەکرێن.

## گرنگی و ئەرکی ئەفسانە:

هەرکات بمانەوێت شارەزای بەرهەمی بیری مرۆڤایەتی بین و جۆر و شێوەی بیرکردنەوە شرۆڤەبکەین، یان هەر لایەنێکی تری ژیانی بەشێوەیەکی زانستییانە بخەینە بەرباس و لێکۆڵینەوە، بێگومان یەکێ: لەو گەنجینانەی، کە دەبێت بۆی بگەڕێینەوە ئەفسانەیە، چونکە " ئەفسانە فەرهەنگێکی گرنگ و هەمەلایەنەی کۆنی مرۆڤایەتییە، بۆیە ئەمڕۆ مرۆڤ لە هەرلایەنێکی ژیاندا بیەوێ زانستیانە پەرە بەم لایەنە بدات و ڕیشەی بدۆزێتەوە، دەبێ هەر زوو دەست بۆ ئەم فەرهەنگی ئەفسانەیە بنات و بزانێ ڕۆژانی زوو مرۆڤ چۆن بیری کردۆتەوە" (ئیبراهیم، 2020، 15)، هەروەها دەبێت ئەوە بزانین لەناو ئەم دونیای ئەفسانەیەدا بەر زۆر بیری سەرنج ڕاکێش و بەهای گرنگی ئەو کاتە دەکەوین، چونکە "جیهانە سیحراوییەکەی ئەفسانە، دنیای بەها نەمرەکان و حیکمەتی ئەزەلی، کە جیهانێکی کۆك و کامڵە تیایدا چاوت بە: خواوەند، دێوی زەبەلاح، بوونەوەری عەجیب، پاڵەوان، مرۆڤی بچووك و شەمۆلە، مرۆڤی ئاسایی دەکەوێت" (عەباس، 2021، 6).

هەرچی پەیوەستە بە ئەرکی ئەفسانەوە توێژەری بواری میتۆلۆژیا (جۆزێف کامبڵ) چوار جۆر ئەرکی دیاریکردووە کە ئەمانەن:

بریتییە لە درککردنی ئەوەی کە جیهان و مرۆڤ چەند سەرسوڕهێنەرن،... هەروەها جیهان دەکاتەوە بەڕووی مەودای نهێنی و درککردنی بەو نهێنییەی کە ژێرخانی هەموو وێنەکانە.

مەوادی گەردوون ناسییە، ئەمەیان شێوەی گەردوون دەخاتە ڕوو.

ئەرکی سۆسیۆلۆژییە، کە بریتییە لە سیستەمێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو و بایەخدان بەو کۆمەڵگەیە.
ئەرکی پەروەردەییە، ئەمەش ڕۆڵێکە دەبێت هەمووومان پێوەی پەیوەست بین، چونکە مرۆڤ لەهەموو بارودۆخێکی ژیاندا دەکرێت ئەفسانەکان فێری ئەوەت بکەن" (عەباس، 2021، 7)

بنەماکانی دروستبوونی ئەفسانە:

سەبارەت بە چۆنییەتی دروستبوونی ئەفسانە، ئەفسانە ناسان بەتایبەتی (پیتر جلیت) بنەماکانی سازبوونی ئەفسانەی گەلان دەگێڕێتەوە بۆ ئەم چەند خاڵە، کە لای هەمووان وەك یەك و هاوبەشە:

"یەکەم/ دۆخی سەرەتا: لە دەستپێکی چیرۆکدا کەمایەتی و نیاز یان کێشەیەك دەبێتە هۆی سەرەکی جووڵەی داستان،

دووەم/ یارمەتی یاریگەر: ڕێنوێن و یارمەتیدەرانی {پاڵەوان}، هەر لەسەرەتای داستاندا لەگەڵ {پاڵەوان} ئاشنادەبن و دەبنە ڕێنوێن و یارمەتیدەر، بە ئامۆژگاری یان یارمەتی ڕاستەوخۆ.

سێیەم/ یارمەتی شاژن: کەسێکە لەگەڵ دوژمنی {پاڵەوان} دەژی یان ڕاستەوخۆ پەیوەندی لەگەڵ دوژمن هەیە، بەڵام {پاڵەوانی} خۆش دەوێ بەنهێنی دەدات و لەپاش سەرکەوتن دەبێتە هاوسەری.

چوارەم/ یاریگەری دوژمن: دوژمنی یاریگەر لەو دوژمنانە نییە، کە لەجیهانی ئاساییدا لەگەڵ {پاڵەوان} ڕووبەڕوو دەبنەوە. هەڵسوکەوت لەگەڵ بوونەوەری شەڕانی و بەهێزی جیهانێکی ترە، کە هێزی شەڕەنگێزییان هەیە و داواکاری ئەنجامدانی کاری دژوارن، بەڵام {پاڵەوان} تەنیا ناتوانی ئەنجامیان بدات و هێزی یارمەتیدەری جیهانێکی تری پێویستە.

پێنجەم/ گەڕانەوەی پاڵەوان: پاڵەوان سەرکەوتووانە بەماڵ و دارایی زۆرەوە دەگەڕێتەوە و لەگەڵ شازادە یان شاژن زەماوەند دەکات و ئەمەش کۆتایی چیرۆکە". (لوقمان، 2020، 9)

هەرچی (مەولود ئیبراهیم حوسێن) بەشێوەیەکی گشتی ڕەگەزەکانی ئەفسانە بەم شێوەیە دیاری دەکات. کە بریتین لە: "پاڵەوان، کەرەستەی ئەفسانەیی، بیری ئەفسانەیی، شوێنی ئەفسانەیی، کاتی ئەفسانەیی، کاری ئەفسانەیی، خواوەندی پاڵەوان" (حسن، 2020، 45)

## -2

لەڕوانگەی ڕەگەزە دیاریکراوەکانی ئەفسانەوە هەوڵدەدەین لەم بەشەدا ڕایەڵ و هێڵە هاوبەشەکانی نێوان هەریەك لە ئەفسانەی گەلانی دونیا و بەتایبەتی وێنەی کاراکتەری ژن دیاری بکەین و خاڵە هاوبەش و لێکچووەکانیان، هەروەها هێڵی جیاکەرەوەیان لە دوو تەوەردا بخەینە ڕوو بەم شێوەیە:

### 2-1دەستپێك و بونیادی ئەفسانەکان

لەڕووی شێوە و بونیادەوە زۆربەی ئەفسانەکانی گەلانی دونیا هاوشێوەن و سەرەتا و دەستپێك و ژمارەی کاراکتەرەکانیان وەك یەك یان نزیکە لەیەکەوە. وەك:

لە ئەفسانەی ئەفریقیدا بەناوی (کچی بایی)بەم جۆرە هاتووە: "دەڵێن کچێك هەبوو ناوەکەی بەزمانی ئەفریقی مانای (گەوهەر) بوو. کچێکی زۆر جوان و دڵبەر بوو. خوشکە گەورەی سێ خوشکان بوو. هەر لەسەرەتای پێراگەیشتنییەوە، جوانییەکی بەرچاو و جێی سەرنجی هەبوو" (نووسەر، 2012، 53)

لەئەفسانەی ئەڵمانیدا بەناوی (حەفت خوشکی ڕاڵەخۆ) بەم جۆرە هاتووە: " لە ڕۆژ و ڕۆژگارێکدا، کۆنتێ لە قەڵای (شۆنبێرگ) لەسەر کەناری ڕووباری (ڕاین) دەژیا. حەفت کچی هەبوو، ئەو حەفت کچە، چەند جوان بوون، ئەوەندەش بە فیز و ڕا لە خۆبوون" (پیکارد، 2012، 124)

لە ئەفسانەی تورکیایدا بەناوی (شازادە خانم و بەراز) هاتووە: "هەبوو نەبوو، لە زەمانی کۆن پاشایەك هەبوو، سێ کچی هەبوو یەك لەیەك جوانتر!!!" (ووکەر، 2012، 203)

بەڵام لە ئەفسانەی ژاپۆنیدا بەناوی (هارای شۆڕەسوار و دایکی) هاتووە: "کاتێ (هارا)ی ساموورایی، دوای دوو ساڵ گەڕایەوە...توانی بۆ دواجار پیرەدایکی و ژنی گەنجی و کوڕە بچووکەکەی ببینێ" (شالی، 2012، 195)

بەسەرنجدانمان لە بونیاد و دەستپێکی ئەم ئەفسانانەدا ئەوە بەدی دەکەین، کە هەموویان سەرەتا بە گێڕانەوە دەستپێدەکەن، لەڕووی ژمارەوە سەرجەمیان تاکن و بەشێوەیەکی گشتی  کاراکتەری ژن ئامادەییان هەیە، لەڕووی پەیوەندییەوە لە نێوان کاراکتەرەکاندا زۆربەیان خوشکی یەکترن، کەواتە دەکرێ ئەمە وەك ڕایەڵێکی هاوبەشی نێوان ئەفسانەکان دابنێین، بەڵام ئەوەی ئەفسانەی ژاپۆنی لە ئەفسانەکانی تر جیادەکاتەوە ئەوەیە، ئەگەر چی لەڕووی دەستپێك و ژمارەوە لەوانی تر دەچێت، بەڵام لەڕووی پەیوەندی و ڕەگەزە لەوانی تر جیاوازە، واتە لەو سێ کاراکتەرەی لە دەستپێکدا ناویان دێت یەکێکیان کوڕە، هەروەها

لەڕووی پەیوەندییە ئەمان پێکهاتوون لە دایکی هارا و ژنی هارا و کوڕە بچووکەکەی هارا، کە لێرەوە دەستپێکی خاڵی جیاکەرەوەی ئەفسانەی ژاپۆنی دەبینین لەگەڵ تەواوی ئەفسانەکانی تری دونیا و وردە وردە لەناوەڕۆکی ئەفسانەکاندا ئەم جیاکارییە و لێکجوودابیە بەڕوونی بەرچاودەکەوێت.

### 2-2-کاراکتەر و پاڵەوانی ناو ئەفسانەکان:

#### ئەفسانەی ئەفریقی:

لە ئەفسانەی ئەفریقیدا بەناوی (کچەی بابی) کە پاڵەوانی نێو ئەفسانەکەیە وێڕای ئەوەی، کە لەسەرەتادا وەسفی جوانییەکەی دەکات، بەڵام لەتەك ئەوەدا بە خۆپەرست، لەخۆڕازی، تەوەزەل و ئارەزووباز ناوی دەبات و وای پیشاندەدات، کە تەنیا دوای حەزە کەسییەکانی خۆی دەکەوێت و لە وەسفیدا هاتووە "گەوهەر جوان و دڵبەر بوو... زۆر ڕا لەخۆ و خۆپەرست بوو، گەوهەر حەزی نەدەکرد لەگەڵ دوو خوشکەکەی کار بکات...دەیەویست هەر لەماڵەوە دابنیشێ و خەریکی چنین و سەما بێت... یان هەستی خەڵك بەرانبەر بەخۆی بوروژێنێ" (نووسەر، 2012، 54).

خەڵکی گوندەکەی گەوهەر نەهەنگ بەپیرۆز دەزانن، دوای بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەك دایکی گەوهەر بەپێویستی دەزانی قوربانی بنێرێت بۆ نەهەنگی پیرۆز، بەڵام گەوهەر خیانەت لەو ئەمانەتە دەکات و دەیبات بۆ کڕینی شانەیەکی ئەفسووناوی لەکاتی ماملەی کڕینی شانەکەدا دەستە خوشکەکەی بەسەریدا دێن لەوکاتەدا " گەوهەر ئاوڕی لەدەستە خوشکەکەی دایەوە و دایگرتە بەر جوێنان و خەڵکەکەش لای گەوهەریان گرت. کچەکە ناچاربوو ڕۆیشت، بەڵام زانی سەبەتەی (گەوهەر) شتی ناباب و دەگمەنی تێدایە، بە گاڵتەوە گوتی: ... ئەم شتانە هی ئەوەن بکرێنە قوربانی، نەك مامەڵەیان پێ بکرێ." (نووسەر، 2012، 56). بەڵام دوای ئەوەی نەخۆشی درێژەی هەبوو خەڵکی کۆبوونەوە و دەرکەوت، کە گەوهەر خیانەتی لەم ئەمانەتە کردووە و لەلایەن دەستە خوشکی خۆیە هەواڵی لێدرا کە ئەوبووە ناپاکی لەنەهەنگی پیرۆز کردووە و قوربانییەکەی نەبردووە بۆی ، خەڵکی کاتێك شانەی ئەفسووناویان لەماڵی گەوهەر دۆزییەوە بە تێکڕای دەنگ هاوریان کرد کە گەوهەر بکەنە قوربانی و تووڕە بوون و وتیان: "فڕێی بدەنە بەر نەهەنگەکە! ئەمە باشترین سزایە بەرانبەر بەو تاوانەی کردوویەتی!

(گەوهەر)یان بردە سەر گۆلەکە و لەوێ بەستیانەوە و لەژێر ڕەحمەتی نەهەنگەکە جێیان هێشت، ئەو کچەی ڕۆژێك لە ڕۆژان، دەستە خوشکی بوو، بە گاڵتە و قەشمەری پێی گوت:

ئێستا جوانییەکەت زۆر بە کەڵکت بێ!" (نووسەر، 2012، 58) .

دوای ئەوەی بەزۆرەملێی و بەبێ بیر و باوەڕی خەڵکەکەی گەوهەر کرایە قوربانی بۆ بەردەمی نەهەنگێك و لەگۆلێکدا بەتەنیا جێهێڵرا، وردە وردە گەوهەر بیری لە دواڕۆژ و چارەنووسی خۆی دەکردەوە، کاتێك گوێی لە کچانی هاوتەمەنی دەبوو کە بەلای گۆلەکەدا تێدەپەڕین باسی شووکردن و ژیانی تایبەتی خۆیان دەکرد، لەلایەکی ترەوە بیری لە پیربوونی خۆی دەرکردەوە بۆیە "گەوهەر هیچ هیوا و ئومێدی نەما، ئیتر بڕیاریدا خۆی فڕێ بداتە ناو گۆلەکە و خۆی بخنکێنێ، ترسا ئەگەر زۆر بیری لێ بکاتەوە، ترسی لێ بنیشێ و زات نەکا خۆی بخنکێنێ، بۆیە یەکسەر هەستایە سەر پێ و چاوی نووقاند و ڕایکرد بۆ گۆلەکە و خۆی فڕێدایە بنی ئاوەکە" (نووسەر، 2012، 62)

گەوهەر لەم هەوڵەی سەرکەوتوو نەبوو، نەهەنگەکە ڕزگاری دەکات نەهەنگەکە پرسیاری هۆکاری ئەم خۆکوژییەی لێدەکات و لێی دەپرسێ دەتەوێت چی بکەیت؟ گەوهەر لە وەڵامدا دەڵێت:

"دەمەوێ بچمەوە ماڵی و وەك هەرکچێکی ئەو خەڵکە بژیم.

نەهەنگەکە بیری هێنایەوە:

بەڵام تۆ پێشتر وەکو کچی ئەو خەڵکە نەدەژیای. وەکو کچێکی گەندەڵ دەژیای! وەکو بەندە و کویلە لەگەڵ دوو خوشکەکەت دەجوڵایتەوە! یارمەتی دایکت نەدەدا. هیچ ئیشی باش و بەسوودت نەدەکرد. گەوهەر هاواری کرد کچێکی شێت و بێ هۆش و گۆش بووم. نازانم بۆچی ئەوەندە هێڕ و هوڕ و بێ ئەقڵ بووم" (نووسەر، 2012، 63).

نەهەنگەکە سۆز و بەزەیی خۆی نواند و گەوهەری ئازادکرد. بەڵام پاش چی کاتێك گەڕایەوە ناو خێزانەکەی وەك قوربانییەك کەس بەهەندی وەرنەگرت و وەك تاوانبارێك سەیرکرا. ڕووداوی هاتنەوەکەی بەم جۆرە گوزەرا، کە "دایکی کڵۆڵی بەدیداری کچەکەی زۆر شاد و شکور بووەوە! لەبەر ئەو سزایەی بەسەر گونددا هاتبوو. کەس نەچووە دیداری کچەکەی،... گەوهەر هەموو ڕۆژێ ئیشی سەختی دەکرد و دەچووە سەرگۆلەکە قوربانی پێشکەشی نەهەنگەکە دەکرد. هەروا بەردەوام بوو تا بووە پیرەژنێکی بەساڵاچوو" (نووسەر، 2012، 64)

ئەوەی لەکۆی ئەم ئەفسانە ئەفریقییەدا ئێمە بەریکەوتین کارکتەری ژن بەجۆرێك بوو. لەلایەك وەك کەسێکی تەمەڵ و خۆبەزلزان و فریودەری ئەوانی تر وێنا کرا، جیا لەوەی ئەوەی هۆکاری نەهامەتی بوو بەسەر تەواوی خەڵکی گوندەکەدا هەر ژن بوو، ئەوەی دووزمانی کرد و بووە هۆی گیرۆدەبوونی ژنێك و ببێتە خۆراکی بەردەم نەهەنگێك هەر ژن بوو، ئەوەش کە بووە قوربانی ڕاستەقینە و لە پێناوی بیرێکی پووچی خەڵکیدا دواجار هەر ژن بوو، واتە بەکۆی ئەفسانەکە وێنەیەکی دزێو و نالەباری ژنمان بەرچاو کەوت وەك پاڵەوانی سەرەکی یان هاریکار و کاراکتەری لاوەکی.

**ئەفسانەی ئەڵمانی:**

لە ئەفسانەیەکی ئەڵمانیدا بەناوی (حەفت خوشکی ڕالخۆ) بەسەرهاتی لوتبەرزی و خۆبەزلزانی حەفت خوشکی ناوقەڵای (شۆنبێرگ) دەگێڕێتەوە، کە چون سوکایەتییان بەکەسانێك کردووە، کاتێك بەو پەڕی نیبەت باشی و خۆشەویستییەوە چوونە خوازبێنییان بۆ هاوسەرگیری.

لەکاتێکدا حەوت گەنجی نەجیب، زادەی کە وەك گوڵی نەشکوفتە جوان و تەڕ و پڕبوون دەچنە داوای ئەم خوشکانە خوشکی سێیەم بە فیزەوە پێیان دەڵێت: "ئێوە حەفت گەنجی کاڵ چۆن زاتتان کردووە هاتوونەتە داخوازی ئێمەمانان؟ وا دەزانن بەو بەرگە پۆشتە و پەرداخانەی لەبەرتان کردووە دەبنە بە پیاو؟ ئێوە لە دلێری کام جەنگدا پیاوەتی خۆتان سەلماندووە؟ بڕۆن پێمان شەرمە ئێمە بە داخوازی کەری خۆمان بزانین" (پیکارد، 2012) لێرەدا بەڕوونی سوکایەتیکردن دەبینین لەوەی، کە دەستەواژەی ناپیاو و بەکەم زانین بەرانبەر ئەم گەنجانە بەکارهاتووە لەلایەن کەسێکەوە لە ڕەگەزی مێ و سووکایەتی بە پیاوان دەکات و ڕێزیان ناگرێت. دوای ئەوە حەفت شۆڕەسوار بۆ هەمان مەبەست دێنە ناو قەڵای شۆنبێرگ، لەکاتێکدا ئەم گەنجانە دلێریی و ئازایەتی زۆریان نواندبوو لە ژیانیاندا، بەڵام خوشکی چوارەم بەرانبەریان دەوەستێت و پێیان دەڵێت: "مەگەر ئێوە کێن؟ شۆڕەسواریش بوو بەهونەر؟! بەم ڕوو قایمییەتان شەرەفی خۆتان داوەتە دەم (با)." (پیکارد، 2012، 125). یاخود کاتێك حەفت بارۆن بەخۆیان و پیاوانی چەکدارەوە دێنە خوازبێنی ئەمجارەیان خوشکی پێنجەم دێتە قسە و پێیان دەڵێت: "ئێمە باوکمان (کۆنت)ە. ئێوە (بارۆن)ن، ئایا دەتانەوێ ئێمە زەماوەند لەگەڵ کەسانی لەخۆمان نزمتر بکەین؟" (پیکارد، 2012، 125).

لە وەڵامی ئەم دووخوشکەشدا دەردەکەوێت لەلایەك گاڵتە بە شۆڕە سواری پیاوان دەکرێت. سووکایەتی بە شەرەفو شکۆیان دەکرێت. لەلایەکی ترەوە گاڵتە بەکەسێك دەکەن، کە لەڕووی چینایەتییەوە لە خۆیان نزمتر و بە مرۆڤی پلە دووی ئەژمار دەکەن.

دواجار شایەر و گۆرانیبێژێکی گەڕیدە دێت و دەبێتە میوانی ئەم حەفت خوشکە، شیعر لە ستایشی ئەم خوشکانەدا دەڵێت و بە بەژن و بالآیاندا هەڵدەدات و گۆرانیان بۆ دەڵێت، بەڵام سەرەنجام خوشکی بچووك دێتە گۆ و دەڵێت: "تۆی شایەرۆکەیەکی بەد بەخت و بێ نەوا، چۆن زات دەکەی ئاشقی خوشکی ئێمە ببی؟ بڕۆ بزر بە! نامانەوێ جیدی چاومان بە چارەت بکەوێ، لە شیعر و گۆرانییەکانت بێزاربووین!" (پیکارد، 2012، 127). بەڵام کاریگەری ئەم گاڵتەجاڕییەی ئەم خوشکانەی و سووکایەتی پێکردنەکەیان ئەوەندە کاریگەر بوو لەسەر ئەم گەنجە گۆرانیبێژە. ناچاری ئەوەی دەکات خۆی بگەیەنێتە سەر کەناری ڕووباری (ڕاین) هاوار دەکات: "ئەم خوشکانە چەند دڵڕەقن! زۆر نا با تۆڵەی ئەم هەموو دڵڕەقییەیان لێ دەکرێتەوە!

گەنجەکە، وایگوت و خۆی فڕێدایە ناو ڕووبار و ئیتر هیچ کەس نەیدیتەوە!" (پیکارد، 2012، 128)

کاتێك ئەم حەفت خوشکە هەواڵەکەیان زانی لە جیاتی سەرزەنشتکردنی خۆیان بەگاڵتەجاڕییەوە وتیان: "هیوادارین (ڕاین) لە گۆرانییەکانی بێزار نەبێ. ئێمە لە دەستی بێزاربووین . شیعرەکانی خاو و خلیچك و ناخۆش بوون" (پیکارد، 2012، 128)

بەپێی ئەفسانەکە ڕاین وەك خواوەندێك نزای گەنجەکە قبووڵ دەکات و گوێ لە نزاکەی دەگرێت بۆیە کاتێك ئەم حەفت کچە بۆ پیاسە و بەڕێکردنی کاتێکی خۆش دەچنە کەناری ڕووبارەکە، هەندێ کەس دەڵێن: "کە ئەمان لەسەر کەناری ڕووبارەکە پیاسەیان دەکرد، لەپڕ شەپۆلێکی گەورە هات، لوولی دان و ڕاپێچان بۆ ناو ڕووبارەکە، کچەکان قیژاندیان و داوای یارمەتییان کرد، بەڵام کەس نەبوو فریایان کەوێ! هەموویان خنکان!" (پیکارد، 2012، 128)

لەکۆی ئەم ئەفسانەیەدا بەر دوو جۆر مامەڵە دەکەوین، یەکەمیان دەستە دەستەی پیاوان. کە بەو پەڕی نیبەت باشی و هەستی خۆشەویستی لەخۆ بردووانەوە دێنە بەردەم حەفت خوشك و نیاز و داوای هاوسەرگیری و پێکەوە ژیانیان دەخەنە بەردەم. لەبەرانبەردا هەڵوێست و کاردانەوەی حەفت خوشك دەبینین کە لەسەرەتاوە بە خۆبەلزان و لە خۆڕازی ناویان هاتووە، ئەم خوشکانە ڕۆڵەکەیان دابەشکراوە هەرجارەی یەکێکیان ڕۆڵی سوکایەتیکردن بە پیاوان دەگێڕێ، خوشکەکان هەریەکە و بە جۆرێك چی قسەی نەشیاو و نەگونجاو هەیە. بەرانبەر بە پیاوان بەکاری دەهێنن، بە کۆی گشتی وەك مرۆڤی دزێو و ناشرینی ناو کۆمەڵ وێنەی ژنەکان پیشاندراوە و هەرچی تایبەتمەندی نەشیاوە دراوەتە پاڵیان دواجار لە ئەنجامی ئەم کارەشیان هەر خودی ژنەکان دەبنە قوربانی ڕووبارێك، کە وەك خواوەندێکی ئەفسانەیی ڕۆڵی پیدراوە و تۆڵەی پیاوەکان دەکات. دەکرێت بڵێین لە تێکڕای

ئەفسانەكەدا ژن قوربانییە لەلایەك ڕۆڵێكی دزێوی پێدراوە و وێنەی ڕاستەقینەی شێوێنراوە، لەلایەكی تر دەیانكاتە قوربانی لەبەر نزای پیاوێك كە شایەر و گۆرانیبێژەكەیە.

**ئەفسانەی توركیایی:**

لە ئەفسانەیەكی توركیاییدا بەناوی (شازادە خانم و بەراز)دا هاتووە. كاتێك پاشا دەیەوێت دیارییەك بۆ كچەكانی بكڕێت. پرسیار لەسێ كچەكەی دەكات لەبارەی دیارییەكانەوە، كە بەخواستی خۆیان بێت بەڵام كچی سێیەمی داوای كەرەستەیەكی ئەفسانەیی دەكات و دەڵێت: "باشە باوكە! ئەگەر دەكرێ ترێیەكم بۆ بێنە قسەبكا، سێوێكم بۆ بێنە پێبكەنێ، زەردەلوویەكم بۆ بێنە زرنگ زرنگ بەدەم كزەباوە بزرنگێتەوە" (ووكەر، 2012، 204). بەڵام كاتێك پاشا بەدوای جێبەجێكردنی هێنانەدی ئەم خواستەی كچەكەیدا دەگەڕێت كاتێك دەزانێت بەخۆی گالیسكەكەیەوە لە ناو قوڕدا چەقیوە. وەك لە ئەفسانەكەدا هاتووە "پاشا بەسەر سامی سەری بڵندكرد دیتی گالیسكەكە لە قوڕ چەقیوە. پاشا ئەوەندەی بە قامچی لە پشتی ئەسپەكانیدا، ئەسپەكان هەرچەندە ڕایانكێشا نەیانتوانی گالیسكەكە بجوڵێنن...

لەناكاو دەنگی خوڕخوڕەی بەرازێكی پیس هات لمووزی لەناو قوڕ دەگێڕا. پاشا دەستی كێشایەوە ناو گالیسكەكە: ئاخ لەو پیس و پلۆخە!

بەرازەكە بە خوڕە خوڕ گوتی:

-من دەتوانم لەناو ئەم قوڕە دەرتبێنم.

پاشا گوتی:

-باشە، دە دەرمان بێنە

بەرازەكە بەخوڕە خوڕ گوتی:

-بەڵام دەبێت بەڵێن بدەی كچە هەرە بچووكەكەت بكەی بە هاوسەری من...

-زۆر باشە كچە هەرە گچكەكەی خۆمت دەدەمێ. ئێستا لەم قوڕە دەرمان بێنە" (ووكەر، 2012، 206)

لێرەوە دەستپێكی بوونە قوربانی یەكێك لە كچەكانی پاشا دەستپێدەكات ئەویش بەهۆی بوونی خواستێكەوە، كە هەیبووە لە باوكی جیا لەوەی بەهۆی ئەم خواستەیەوە باوكی دووچاری لەقوڕا چەقین بووە، هاوكات بۆ ڕزگاركردنی باوكی بەڵێنی بەخشینی كچە نازدارەكەی دەدات بە بەرازێكی پیس و پۆخڵ. بۆیە عەسری هەمان ڕۆژ پاشا گوێبیستی خوڕەخوڕی بەرازەكە دەبێت لە حەوشەی كۆشكەكەی و بەرازەكە دەڵێت:

"هاتووەم كچەكەت ببەم...

ئیتر پاشا هیچ چارەی نەبوو، ئەوە نەبێ هەموو شتێك بەكچەكە بڵێ.

بەرگێكی شڕ و وڕی لەبەر كچەكەی كرد و سۆڵێكی دڕ دڕای لەپێكرد بۆ ئەوەی بەڵكو بەرازەكە بەدڵی نەبێ.

بەڵام بەرازەكە دەیتوانی بەیەك سەرنج كچی جوان بناسێتەوە. ئیتر بە شادمانییەوە خوڕە خوڕێكی كرد و گوتی:

-بەڵێ ئەمەیە كە من دەمەوێ.

-ئەوسا كچەكەی خستە ناو گالیسكەكە و ملێ ڕێی گرت." (ووكەر، 2012، 207)

دوای ئەوەی بەرازە پیرەكە كچەی برد لەگەڵ خۆیدا چاوەكانی هەڵهێنا و بینی لەگەڵ پیاوێكدایە و لەخانوو وماڵێكی خۆشدایە پیاوەكە گەنج و زۆر قۆز بوو لەبەردەمیدا وەستابوو و گوتی:

" دەبینی ئازیزەكەم! ئەمە كۆشكی منە و تۆش شاژنی منی. كاتی خۆی كە بووم بە سوڵتان گرفتاری جادووی شەیتانێك بووم و گۆڕام و بووم بە بەرازێكی ناشیرین، تەلیسمەكەم تەنیا بە یەك جۆر دەشكا: دەبووایە كچێ بەدەست بێنم داوای ئەم شتانە بكات: ترێیەك قسەبكا، سێوێك پێبكەنێ و زەردەلوویەك بە دەم كزەباوە زرنگ زرنگ بزرنگێتەوە" (ووكەر، 2012، 208).

بەشێوەیەكی گشتی ئەوەی لەم ئەفسانەیدا بەدی دەكەین. سەرەتا خواستێكی ژنانە هەیە بۆ داهێنكردنی كەرەستەیەكی ئەفسانەیی، بەڵام بەهۆی ئەم خواستەوە باوكی كچەكە دووچاری شكست و لە قوڕا چەقین دەبێت، ئەوەی دەبێتە قوربانی بۆ ڕزگاركردنی ئەو پیاوە دیسانەوە ژنێكە لە پێناو ڕزگاردنی باوكی بەبێ ئاگاداری خۆی دەكرێتە قوربانی. جیا لەوە لەلایەكی ترەوە پیاوێك، كە سوڵتان بووە. جادوویەكی لێكراوە بەهەر هۆیەك بێت شەیتان تەلیسمێكی بەسەردا هێناوە. بۆ شكاندنی ئەم تەلیسمە، ئەم پیاوە دیسانەوە پێویستی بە كچێكە تا ڕزگاری بكات. بۆیە سەرلەنوێ ئەم كچەی پادشا وەك قوربانی لەبەردەمی ئەم بەرازە پیرەدا خۆی دەبینێتەوە، كە لەبنەڕەتدا سوڵتانێك بووە.

سەرتاپای ئەفسانەکە لە دەوری ساویلکەیی و کورت بینی ڕەگەزی مێ دا دەخوولێتەوە، هەروەها هەر ڕەگەزی مێیە دەکرێتە قوربانی لە پێناو ڕزگاربوونی پیاوان لەهەر تەنگانە و دژوارییەکی ژیاندا.

## ئەفسانەی ژاپۆنی:

لەئەفسانەیەکی ژاپۆنیدا بەناوی (هارای شۆڕەسوار و دایکی) بەسەرهاتی قارەمانێتی هارا و دڵسۆزی دایکیمان بۆ دەگێڕێتەوە. ئەو کاتێك دێتەوە بۆ ماڵەوە جیاواز لە هەموو کەسێکی تر خۆی لەنێوان دوو ژندا دەبینێت بەم شێوەیە بەسەرهاتەکەیان تۆمارکراوە:" دوو ژن، هەر دوو لای کابرای جەنگاوەریان گرتبوو. پیرەدایك گووتی:

-هاتنی تۆ دڵی کەیلی شاد کردم، کە تۆ لێرە نەبووی، هاوسەری نەجیبت میهرەبانترین کەس بوو لە دیناد بۆمن، کچێ بووە شایەنی ستایش و ئافەرین. (فوسابو)ی کوڕە بچووك و نازدارەکەشت هەر ئێستا بە ئاگادێ و دەتوانی ببینی...

ژنە گەنجەکەیشی بە نۆرەی خۆی گوتی:

-دایکی بەڕێزت زۆری هەوەس پێی دێ. خۆشی دەوێ و ئەوەندە دەیلاوێنێتەوە سنوری بۆ نییە. منداڵەکە هەمیشە لەگەڵ ئەو دایە. بەدرێژایی ڕۆژ هەر ئەو چاوی لە منداڵەکەیە." (شالی، 2012، 196)

ئەوەی لەم دیمەنەدا دەبینرێت بوونی شکۆ و ڕێزە لەنێوان ژنەکاندا بۆ یەکتری و بۆ هارای پاڵەوانە. دایك بەو پەڕی ڕێزەوە ناوی ژنی کوڕەکەی دەهێنێ و ستایشی جوامێری و میهرەبانی دەکات. لەبەرانبەریشدا ژنی کوڕەکە زۆر ستایش و ڕازی بوونی خۆی لە بەرانبەر دایکی هاوسەرەکەی دەربڕی.

لێرەدا ئەوەی ڕۆڵی کاراکتەری ژن جیادەکەتەوە لە نێوان ئەفسانەی ژاپۆنی و ئەفسانەکانی تری ئەو گەلانەی ئاماژەمان پێکرد، ئەوەیە، لە کاتێکدا ئەفسانەکانی تر ژن مایەی سووکایەتی کردن بوون بەیەکتری و ناپاکیان بەرانبەر بە یەکدی دەکرد. لە ئەفسانەی ژاپۆنیدا ڕۆڵەکە تەواو پێچەوانەیە. ستایشی یەکتری دەکەن. هەوڵ دەدەن ڕۆڵی ئەرێنی و دڵسۆزانەی هەریەکەیان لەبەردەم ئەوانی تر دەربخەن و بەرز بینرخێنن.

دوای ئەوەی هارای جەنگاوەر بڕیاری ڕۆیشتن دەدات لە پێناو هێنانەدی ئامانجێکدا، بەڵام تەنیا شت، کە ڕێگریی لێدەکات ئەو خۆشەویستییە زۆرەیە، لەنێوان خۆی و دایکیدا، هەر دوولا بە ڕوونی هەست بەمە دەکەن، بۆیە سەفەرەکەی هارا لە پێناو هێنانەدی ئامانجەکەی تەگەرەی تێدەکەوێت، بەڵام دواجار هارا دەیەوێت بڕوات و بەیانییەکەی بەنیازی ماڵئاوایی چاوەڕێی دایکی دەبێت. بەڵام هەر دیار نابێت. "کابرای جەنگاوەر نەیتوانی لەوە زیاتر بمێنێتەوە. نیگەرانییەکەی تا دەهات زیاتر دەبوو، وەزعی تێکدەدا. ئاخیری چووە ناو ژووری دایکی. پیرەژن مردبوو، تیرێژە خوێنێکی باریك لەسەر حەسیر دەڕۆیشت، نامەیەك لەتەك لاشەکە بوو، هارا بانگی کرد. زوو کەن وەرن، دایکمان مردووە، سەیرکەن دایکمان بۆمن چیکردووە!؟..." (شالی، 2012، 204)

دوای ئەوەی دایکی هارا وەك ژنێك قوربانیدا لە پێناو هێنانەدی ئامانجی کوڕەکەی نامەیەکی بۆ بەجێهێشتبوو لەناوەرۆکی نامەکەیدا بەم شێوە هاتبوو:

"کوڕی ئازیز، خۆشەویستی و میهرەبانی تۆ بە ئەندازەیەکە من ناتوانم بە وشە پووچەکانم دەری ببڕم. خەنی لەخۆی ئەو ژنەی کوڕی وەك تۆی هەبێ. شەوی دی لەتۆ دابڕام بیرمکردەوە بەقەدەر ئەرکی خۆم، بەڕوونی لە ئەرکی تۆ گەیشتم. تۆ بڕۆ با هیچ نیگەرانییەکی تۆ بۆ من، ڕێ لە ئەنجامدانی ئیشەکەت نەگرێ. ئەگەر بیرێکی لەوجۆرەت بۆ بێ. لەوانەیە ڕای مکوومت لەق، دووز نییە هۆکەك بە دەست دوژمنەوە بدەی، کە بزانێ چیتان لە ژێر کڵاو و خودەدا دەگوزەرێ...کوڕم: من لە پێش تۆ دەچمە دنیای مردووان. لەمەودوا (کیرا)ی شۆڕسوار بە بکوژی دایکیشت بزانە و بۆ هاوڕێکانت ببە بە سەرمەشقی قارەمانییەتی. لەبەرئەوەی دەزانم بێ شك بەو جۆرە ڕەفتار دەکەی، بە دڵنیایی دەمرم و بەدەم چەقۆ دەخەنموە و بەلەز ڕشتەی ژیان دەپچڕم. دوا ماڵئاواییم بۆ برات، بۆ ژنەکەت، بۆ (فوسابۆ)ی بچکۆلە و ئازیز و خۆشەویستت، کوڕی ئازیزم!" (شالی، 2012، 205)

لەمەرگی دایکی و لە ناوەرۆکی نامەکەیدا تەواو دڵسۆزی و هەستی خۆشەویستی بەدیدی دەکەین، خۆشەویستی دایك بۆ کوڕەکەی. قوربانیدان لە پێناو ئامانجێکی پیرۆز، کە وابەستەی کردووە بە سەرکەوتنی کوڕە جەنگاوەرەکەیەوە، هاوکات دڵسۆزی ڕێزی ژنێك دەبینێت بۆ ژنێکی تر.

کەواتە ئەوەی خاڵی جیاکەرەوەی ئەفسانەی ژاپۆنییە لە ئەفسانەی ئەو گەلانەی تر، کە وەرمانگرتوون وەك نموونە.

خۆشەویستی و ڕێزگرتنی ژنە بۆ ژن، نرخدانانە بۆ یەکتری هاوکات قوربانیدانە بۆ سەرخستنی ئامانجێکی پیرۆز جیاواز لەو قوربانیدانانەی، کە لەئەفسانەکانی پێشتردا هەبوو، بۆ خواوەندێك بوو، کە دۆخێکی ئەفسانەیی پێ بەخشرابوو. ئەگەرچی لە ڕواڵەتدا هەموو ئەفسانەکان ژنان لە پێناو پیاودا دەبنە قوربانی، بەڵام لە ئەفسانەکانی تردا ژنان لە پێناو خواستێکی نەزانانە و

هەڵەیەکی پیاوان بوو یاخود بۆ ڕزگارکردنی پیاوان بوو لە دۆخێك، کە بەهۆی هەڵەیەکی خۆیانەوە دووچاری هاتبوون، بەڵام لە ئەفسانەی ژاپۆنیدا قوربانییەکە دەچێتەوە خزمەتی پیاوان، بەڵام بە بڕیارێکی بوێرانەی ژنان لە پێناو سەرخستنی خواستی جەنگاوەرێکی پیاو، کە لەپێناو ئامانجێکی پیرۆزدا هەوڵدەدات.

هەروەها ئەوە بەدیدەکرێت کە: لەهەریەك لە ئەفسانەکاندا خاڵی ورد و جیاکەرەوە هەیە. وەك:

لە ئەفسانەی ئەفریقی ئافرەت زوو تووشی هەڵە دەبێ و بەڵام دواتر پەشیمان دەبێتەوە. بەڵام

لە ئەفسانەی ئەڵمانی ئافرەت هەڵە دەکات و بەردەوام دەبێت لە سەری . کەچی لە ئەفسانەی تورکی ئافرەت داواکارییەکانی سەیر وسەمەرەیە و لە باوکی رادەبینێ هەموو شتێکی بۆ دابین بکات ، و ئامادەی قوربانیشە بۆی، ئەمەش ڕۆڵێکی ئەرێنییە لە پەیوەندی نێوان باوك و کچدا. هەرچی ئەفسانەی ژاپۆنییە ڕێز و دڵسۆزی ئافرەت و پەیوەندی نێوان دایک وکوڕ لەوپەڕی جوانی ڕێزدایە.

## ئەنجام:

- لە وەرگێڕانی ئەفسانەکاندا مامۆستا عەزیز گەردی ئەو پەڕی وردەکاری و لێزانی بەکارهێناوە. بەوەی بۆن و بەرامە و وشەی پاراوی زمانی کوردی تێدا بەکارهێناوە.
- عەزیز گەردیش لە وەرگێڕانی ئەم ئەفسانانەدا، ویستی هەبووە هەموو لایەنەکانی کەسێتی و بیرکردنەوە لە ئەفسانەی گەلان بخاتە بەردەست و لەمیانی ئەم ئەفسانانەشدا کارکتەری ژن بەتایبەتی نیشان بدات.
- لەڕێگای وەرگێڕانی ئەفسانە جیهانییەکانەوە ئاشنابووین بە ئەفسانەی گەلانی دونیا و ئەوەمان بۆ دەرکەوتوو، کە بەشێکی زۆری ئەفسانەی گەلانی دونیا لەڕووی دەستپێك و بونیادەوە هاوشێوەی یەکن، ئەوە جیاوازی هەیە تەنیا ئەفسانەی ژاپۆنییە.
- بەشێوەیەکی گشتی ژنان ڕۆڵی کەسانی خۆبەزلزان، ناپاك، ئاژاوەگێڕ و هۆکاری دووبەرەکی دەزانرێن، هەمیشە دەکرێنە قوربانی لە پێناو ڕزگارکردنی پیاوان و هێمای دزێوی و ڕوویەکی ناشیرینی مرۆڤایەتین لەناو ئەفسانەی بەشێکی زۆر لەگەلاندا.
- ئەفسانەی ژاپۆنی سەرەڕای ئەوەی لەڕووی بونیاد و پەیوەندی نێوان کارکتەرەکانەوە جیاوازە، هاوکات وێنەی ژن وێنەیەکی پڕاوپڕ لە ڕێز و خۆشەویستی میهرەبانییە. ژن لە پێناو ئامانجێکی پیرۆزدا قوربانی دەدات نەك لە پێناو هەڵە و خواستێکی تایبەتی خۆی.

## سەرچاوەکان:


- ئیبراهیم,، مەولود. 2020. قەدەغەشکێنی دارەڕێی ئەفسانەی کوردی. تاران، چاپی یەکەم،: ماڵی سوهرەوەردی.

- بێخاڵی,، سەید مەولود. 2013. ئەفسانە و داستان لە فۆلکلۆری کوردیدا. هەولێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری: بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێر.

- پیکارد,، بەرباره لیۆنی. 2012. ئەفسانەی ئەڵمانی. Translated by عەزیز گەردی. هەولێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات: خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاوێر.

- چاك,، ئەحمەد. 1398هـ ڕۆڵی کەسایەتییەکان لە ئەفسانەی کوردیدا. سقز، چاپی یەکەم، چاپەمنی خانی: هونەر و ئەندێشە.

- حسن,، مەولود ئیبراهیم. 2020. گەڕان بەدوای نەمریدا. تاران، چاپی یەکەم، : ماڵی سوهرەوەردی.

- حەسەن,، مەولود ئیبراهیم. 2020. پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی. چاپخانەی تاران، چاپی یەکەم: ماڵی سوهرەوەردی.

- شالی,، فیلسیان. 2012. ئەفسانەی ژاپۆنی. Translated by عەزیز گەردی. هەولێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات: خانەی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

- شتراوس,، کلۆد لیڤی. 2020. ئەفسانە و مانا. تاران، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران: ناوەندی توێژینەوە و هزری شەهید ئارام.

- عەباس,، محەمەد سلێمان. 2021. دونیای ئەفسانە. هەولێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری: وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان.

- کەریم,، فەرهادقادر. 2012. بنیاتی وێنە لە شیعرەکانی حەمدیدا. هەولێر، چاپی یەکەم: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

- لوقمانی, ڕەحیم،. 2020. ئەفسانە و چیرۆکی کوردی گێڕانەوەی سەعید عەزیزی. سقز، چاپخانەی خانی: هونەر و ئەندێشە.

- نووسەر,، کۆمەڵی. 2012. ئەفسانەی ئەفریقی. Translated by عەزیز گەردی. هەولێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات: خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاوێر.

- وۆکەر,، بەربارا. 2012. ئەفسانەی تورکیایی. Translated by عەزیز گەردی. هەولێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات: خانەی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

# الابعاد المشتركة و نقاط الاختلاف لصورة المرأة في أساطير الامم من خلال الأساطير المترجمة لعزيز گردي

**صديق اورحمان على**
وزارة التربية
sdiq.ali@univsul.edu.iq

**ناز احمد سعيد**
وزارة التربية
naz.saeed@univsul.edu.iq

**ثريا احمد عبدالله**
وزارة التربية
thuraya.27023435@uinvsul.edu.iq

**الملخص**

الأسطورة، التي نشأت منذ أقدم فترات حياة الإنسان، هي نتاج الخطوات الأولى للفكر الإنساني، وبالتالي تعتبر تراثا للفكر الإنساني.

الأساطير هي محاولات الإنسان لمعرفة نفسه وفهم الظواهر المحيطة به وتفسيرها، تحمل أساطير الأمم عموما أفكارا ومعتقدات وتطلعات ومخاوف وخرافات ومعتقدات دينية من الماضي.

ومن النوافذ التي نتعرف من خلالها على أساطير أمم العالم هي الأعمال المترجمة للمرحوم عزيزگردي الذي قام بترجمة العديد من أساطير أمم العالم إلى اللغة الكردية الجميلة.

حاولنا من خلال أعمال عزيز گردي المترجمة إجراء مقارنة بين الأساطير: الإفريقية، المانية، التركية و اليابانية. لقد اتخذنا صورة المرأة وشخصيتها كمثال.

في هذه الدراسة نريد الإجابة على سؤال ما إذا كانت جميع دول العالم يتم تصويرها على أنها نفس الشخصية الأنثوية في الأساطير، أم أنها مختلفة، هل البنية الفنية للأساطير هي نفسها أم ماذا؟

وسنبحث في هذه الدراسة عن روابط مشتركة بين أساطير هذه الشعوب. وسوف نحدد أيضا اختلافاتهم. وأخيرا، نقدم النتائج التي تم الحصول عليها.

**الكلمات المفتاحية:** أسطورة الشعوب، عزيز كردي، شخصية المرأة، الارتباط المشترك و نقاط مختلفة.

## Common and Distinctive Features of the Image of Women in the Mythology of the Peoples of the World through the Translated Legends of Aziz Gardi

**Sdiq Awrahman Ali**
Ministry of Education
sdiq.ali@univsul.edu.iq

**Naz Ahmed Saeed**
Ministry of Education
naz.saeed@univsul.edu.iq

**Thuraya Ahmed Abdulla**
Ministry of Education
thuraya.27023435@uinvsul.edu.iq

**Abstract**

Myth, which originated from the earliest periods of human life, is the product of the first steps of human thought, and therefore is regarded as a heritage of human thought. Myth is a human attempt to know himself and understand the phenomena around him, to interpret and interpret them. Myths of nations generally carry thoughts and beliefs, aspirations and desires, fears, superstitions and religious beliefs of the past.

One of the windows through which we get acquainted with the legends of the world's nations is the translated works of the late Aziz Gardi, who has translated many legends of the world's nations into the sweet Kurdish language.

Through Aziz Gardi's translated works, we have tried to make a comparison between: African, German, Turkish and Gapan mythology. We have taken the image and character of women as an example.

In this study, we want to answer the question whether all the nations of the world are depicted as the same female character in mythology, or whether they are different, whether the artistic structure of mythology is the same or different.

In this study, we will look for common links between the legends of these peoples. We will also identify their differences. Finally, we present the results obtained.

**Keywords:** Legend of Peoples, Aziz Gardi, Women's Character, Common Connection, Different Points.